National Endowment for Democracy
Supporting freedom around the world

RADIO DENG

# یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان
## پرۆژەی چاودێریی دۆخی پەروەردە

### شەشەم را پۆرت: رۆڵی سەرپەرشتیارانی پەروەدەیی و کێشەو ئاستەنگەکانی بەردەمیان لە ناوەندەکانی خوێندنی گەرمیان

ئاداری 2018

رادیۆی دەنگ
یەکەی چاودێریی

1/4/2018

## پێڕست



| | |
|---|---|
| بەشی یەکەم | ناساندن |
| بەشی دوەم | راپۆرت |
| بەشی سێیەم | راسپاردە |



### بەشی یەکەم: ناساندن

1. پێشەکی
2. کارنامەی یەکەکە
3. ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە و ناوچەی گەرمیان

## 1. پێشەکی

رادیۆی دەنگ وەکو دەزگایەکی کۆمەڵگەیی لەگەرمیان، لەپاڵ ئەرکە سەرەکیەکەی دا وەکو دەزگایەکی راگەیاندنی سەربەخۆ لەگەرمیان بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیاریی و شرۆڤەو پێشهاتەکان، هاوکات چەند پرۆژەیەو کارێکی دیکەشی ئەنجامداوە، کەهەندێک لەو پرۆژانە لە دەرەوەی خانەی کاری رۆژنامەوانین.

دروستکردنی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان) یەکێکە لەو پرۆژانەی کە رادیۆکە هەستاوە بە ئەنجامدانی، ئەویش لەو سۆنگەیەوە کە کاری میدیایی لەگەڵ کاری چاودێریی دەزگاکان تێهەڵکێش بکات و بیگونجێنێت، بەشێوەیەک زۆرترین خزمەت و سودی بۆ کۆمەڵگا لێبکەوێتەوە.

ئێمە لە رادیۆی دەنگ، ساڵی رابردو پرۆژەی دروستکردنی (یەکەی چاودێریی نوێنەرانی گەرمیان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی)مان هەبو، کە تاڕادەیەکی باش سەرکەوتو بو لە چاودێرییکردنی کاری ئەو دو نوێنەرەی گەرمیان، بەڵام بۆ ئەمساڵ و لە میانی پرۆژەی رادیۆکەمان بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی NED بەباشمان زانیی یەکەیەکی نوێ پێکبهێنین کە ئەمجارەیان چاودێریی حکومەتی خۆجێیی بکات.

کاری ئەم یەکەیە، بەتایبەت چاودێرییکردنی هەردو کەرتی (پەروەردە) و (تەندروستی)یە لەگەرمیان، لەماوەی ئەمساڵ دا (24) راپۆرت لەبارەی گرنگترین کێشەو ئالەنگاریەکانی بەردەم ئەم دو کەرتە بڵاودەکاتەوە بەشێوەیەک هەر کەرتەو مانگەی راپۆرتێک لە بوارێکی دیارییکراو دەبێت.

بۆ مانگی یەکەمی کارکردنی ئەم پرۆژەیە، بۆ بەشی پەروەردە، پرسی ژمارەو جۆر و دابەشبون و کێشەی بینای خوێندنگەو قوتابخانەکانمان کردوە بە تەوەری باس، لەبواری تەندروستیش دا، کێشەی کەمی یان نەبونی پزیشک لە گەرمیانمان دیارییکردوە، ئەمەش بەوهۆیەی کە دو پرس و بابەتی گرنگ و لەهەمان کاتیشدا ئاڵۆز و هەستیارن. ئەم راپۆرتانەش جگە لە رایگشتی، ئاراستەی پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و هەروەها حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکانی پەیوەندیدار و ئیدارەی گەرمیان و هەروەها دامودەزگاکانی تری پەیوەندیدار دەکرێت.

هیوادارین لەم هەنگاوەی دەستمان پێکردوە، سەرکەوتو بین و کارەکەمان بتوانێت رۆڵێکی هەبێت لە کەمکردنەوەی قەبارەی کێشەکانی ئەو دو کەرتەو هەروەها دەرفەتێکیش بێت بۆ دەستنیشانکردنی هەڵەو کەموکورتییەکان و چاککردنەوەیان، لەپێناو سودی گشتی.

هەروەک بەتێبینی و سەرنجی هەمو لایەکیش خۆشحاڵ و گەورە دەبین، بەوپێیەی تاک و کۆتا ئامانجمان لەم پرۆژەیەی دەستمان داوەتێ، دروستکردنی گۆڕانکارییە بەئاراستەیەکی ئیجابی لەدەڤەری گەرمیان.

## 2. کارنامەی یەکە

یەکەم: ناساندن

یەکەیەکی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی 2017 دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

**دوەم: ئامانجی یەکە**

1. برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پیادەکردنی حکومەتی پێشکەوتو و دیموکراسی.

2. دروستکردنی کۆدەنگی لەگەڵ دەزگا حکومیەکان بەمەبەستی دروستکردنی فشار بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ دەڤەرەکە.

3. بەدواداچونکردن بۆ کێشەو گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە فەرمیەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.

4. دروستکردنی رایەڵەو پتەوکردنی لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت دا، هەروەها هێنانە ئارای لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان هەردولا لەروی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.

**سێیەم: کارەکانی یەکە**

1. ئەنجامدانی راپۆرتی مانگانە لەسەر چالاکی و خزمەتگوزاریەکان و هەروەها دەستنیشانکردنی کەموکورتیەکان و رەوانەکردنی ئەو راپۆرتانە بۆ حکومەتی ناوەندی و پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاو ئەنجومەنی خۆجێیەتی.

2. ئەنجامدانی هەڵمەتی فشار بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان لە سنورەکەدا.

3. ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیاریی بەهاوکاری دەزگا فەرمییەکان.

4. ئەنجامدانی کۆبونەوەو کۆنفرانس و دانیشتن لەنێوان چین و توێژە جیاوازەکان و حکومەتی خۆجێیەتی، بە ئامانجی برەودان بە جۆری خزمەتگوزاریی و فەرمانڕەوایەتی.

5. ئەنجامدانی بەرنامەی تایبەت لە کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ باشترکردنی پەیوەندی و لێکتێگەیشتنی نێوان خەڵک و حکومەت.

**چوارەم: بنەما پیشەیی و ئەخلاقیەکانی کارکردنی یەکە**

1. لایەنگیریی نەکردن لە کارکردن لەسەر کێشەو کەموکورتیەکان.

2. پابەند بون بەپیشەیی بونەوە لەخستنەروی بابەتییانەی کێشەکان.

3. وەرنەگرتنی هیچ کۆمەک و هاوکاریەکی دارایی لە حکومەت و حزب.

## 3. ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە و ناوچەی گەرمیان

1. رادیۆی دەنگ:

رادیۆی دەنگ، یەکەمین رادیۆی کۆمەڵگەیی ئەهلیە لە گەرمیان.

لە ساڵی 2010ەوە دامەزراوەو لە بەرواری 6ی شوباتی ئەو ساڵەوە، دەستی کردوە بەپەخشی خۆی لە سنوری قەزای کەلار و دەوروبەری.

ئەم رادیۆیە، لەلایەن هەردو رۆژنامەنوس (جەزا محەمەد) و (ئازاد عوسمان)ەوە بەهاوکاری ژمارەیەک گەنجی رۆژنامەنوس و چالاکوانی خۆبەخش دامەزراوە، ئامانجیشی بریتیی بوە لە پەرەپێدانی دیموکراسیی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هاوڵاتیانی سنوری گەرمیان لەرێگەی ئەو بەرنامەو هەواڵ و بابەتانەی کە بەدواداچونیان بۆ دەکات.

رادیۆکە، بە نوسراوی ژمارە (265) لە بەرواری (2010/2/2) و بەرێگەپێدانی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بۆ شەپۆلی رادیۆکە بە نوسراوی ژمارە (368) لە بەرواری (2010/2/2) مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتوە.

لەئێستادا رۆژانە 24 کاتژمێر لە سنوری گەرمیان، لەسەر شەپۆلی FM 99.9 پەخشی بەرنامەکانی دەکات، هاوکات سایتێکی ئینتەرنێتیشی هەیە هەواڵ و بەرنامەو پەخشی بەرنامەکاتی تێدا دەکات بەناونیشانی (radiodang.org).

رادیۆکە، رادیۆیەکی کۆمەڵگەییە، واتا بۆ کۆمەڵگەو ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی پەخش دەکات، لەبوارە جیاوازەکانی وەکو: سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئابوری، رۆژشنبیریی، کەرتی خزمەتگوزاریی و حکومیی و وەرزشیی و ... هتد، بەدواداچون دەکات. هاوکات بەدواداچونیش بۆ پرسە نیشتمانیی و کێشە سەرانسەریەکان دەکات و رەهەندە نیشتمانیی و مرۆڤانەییەکانی بەهەند وەرگرتوە.

جگە لە کاری میدیایی، رادیۆی دەنگ چەندین پرۆژەی دیکەی لەماوەی هەشت ساڵی تەمەنی دا ئەنجامداوە، لەوانە: (کردنەوەی خولی پێگەیاندنی رۆژنامەنوس، خولی پەرەپێدان بەتوانانی رۆژنامەنوسان، ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار، سپۆنسەر کردنی هەندێک چالاکی هونەریی و کردنەوەی چەند یەکەیەکی رۆژنامەوانی).

## 2. سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED

دامەزراوەیەکی ئەمەریکی قازانجنەویستی تایبەتە بە گەشەپێدانو پاڵپشتیکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان لەهەمو جیهاندا، کەلەلایەن کۆنگریسی ئەمەریکییەوە ساڵانە بودجەی تایبەتی بۆدیاریدەکرێت، ئەویش ساڵانە پاڵپشتی زیاتر لە (1200) هەزارو دو سەد پرۆژەی گروپە ناحکومییەکان لە (90) وڵاتدا دەکات.

(NED) هەر لەدامەزراندنییەوە لەساڵی (1983) دا، پێشەنگە لەتێکۆشانی دیموکراتیدا لە شوێنەجیاوازەکانداو گەشەیکردوە بۆ دامەزراوەیەکیفرە رەهەندو ئاراستەو بوەتە چەق بۆ چالاکیو ئاڵوگۆڕی هزری بۆ چالاکوانو توێژەرانی بواری دیموکراتی لەجیهاندا.

(NED) باوەڕی بەوەیە کە ئازادی خولیایەکی جیهانی مرۆڤایەتییە، ناکرێت لەرێگەی گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکانەوە بهێنرێتەدی، بەها دیموکراتییەکان لەرێگەی تاکە هەڵبژاردنێکەوە بەدیناهێنرێن، هەروەها پێویست ناکات کە دوبارەکردنەوەی نمونەی وڵاتە یەکگرتوەکان یان هەر وڵاتێکی دیکە بێت، بەڵکو بەگوێرەی پێویستییەکان و دابونەریتە کەلتورە سیاسییە جیاوازەکان گەشەدەکات.

## 4. ناساندنی ناوچەی گەرمیان:

گەرمیان بەناوچەیەکی دیارییکراوی سەر پارێزگای کەرکوک بەپێکهاتە کۆنەکەی هەژمار دەکرێت کەدواتر بەهۆکاری تەعریب، خرایە سەر پارێزگای سلێمانی.

ئەم ناوچەیە، لەکۆمەڵێک قەزا پێکدێت، بەڵام لەروی ئیدارییەوە، ئیدارەی گەرمیان لەئێستادا کورت بوەتەوە بۆ قەزاکانی: (کەلار و کفری و بەشێک لە قەزای خانەقین.)

لەدوای راپەڕینی ساڵی 1991، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەشێوەیەکی کاتی  پارێزگای کەرکوک کە قەزاکانی (کەلار، کفری، چەمچەماڵ، دەربەندیخان، بەشێک لە ناحییەکانی قەزای خانەقین) دەگرتەوە، پێکهێنرا. لەگەڵ پێکهێنانی پارێزگاکەشدا بەهۆی نەبونی بینا بۆ فەرمانگە و بەرێوەبەرایەتییەکان لە قەزای کەلار، قەزای دەربەندیخان دیاریکرا بۆ ناوەندی پارێزگای کەرکوک.

بەپێی پێگەی فەرمیی ئیدارەی گەرمیان لە ئەنتەرنێت، دوای روخانی ڕژێمی پێشوی عێراق لەساڵی 2003دا، جارێکی تر گەرمیان کە قەزای کەلار ناوەندەکەیەتی توشی بۆشاییەکی ئیداری هات، ئەوەش بەهۆی هەڵوەشاندنەوە بپارێزگای کەرکوک لە دەربەندیخان، بۆچارەسەرکردنی ئەو بۆشاییە ئیدارییەش، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە بڕیارێک لە رۆژی 2006/8/6 "ئیدارەی گەرمیان"ی پێکهێنا کە مەرکەزەکەی لە قەزای کەلار دانراوە، هەروەها لەپێناو کاراکردنی ئیدارەکە و فراوانکردنی دەسەڵاتە کارگێڕییەکانی، حکومەتی هەرێم لە ساڵی 2008 بڕیاریدا ئیدارەی گەرمیان هاوشێوەی پارێزگاکانی تری هەرێم مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لەو روەشەوە دەسەڵاتی پارێزگار بە خشراوەتە سەرپەرشتیاری ئیدارەکە.

## بەشی دووەم: ڕاپۆرت

1. دەستپێک:

2. ئاماری سەرپەرشتیاران لە سنوری پەروەردەی گەرمیان:

3. ڕۆڵی سەرپەرشتیاران لە ناوەندەکانی خوێندن:

ا. سەرپەرشتیارانی قۆناغی بنەڕەتی:

ب. سەرپەرشتیارانی قۆناغی ئامادەیی:

4. بۆچونی بەڕێوبەری ناوەندەکانی خوێندن لەسەر ڕۆڵی سەرپەرشتیاران لە ناوەندەکان:

ا. بۆچونی بەڕێوبەری ناوەندەکانی خوێندن لە قۆناغی بنەڕەتی:

ب. بۆچونی بەڕێوبەری ناوەندەکانی خوێندن لە قۆناغی ئامادەیی:

5. بۆچونی مامۆستایان لەسەر ڕۆڵی سەرپەرشتیاران لە ناوەندەکانی خوێندن:

ا.بۆچونی مامۆستایان لە قۆناغی بنەڕەتی:

ب. بۆچونی مامۆستایان لە قۆناغی ئامادەیی:

6. ڕایی بەڕێوبەرانی پەروەدەی لە گەرمیان لە سەر ڕۆڵی سەرپەرشتیاران لە ناوەندەکان:

## 1. دەستپێک:

بونی سەرپەرشتیار لە ناوەندەکانی خوێندن گرنگە و بە بەشێکی گرنگ لە پرۆسەی خوێندن دادەنرێن، سەرپەرشتیاری پەروەردەیی رۆڵی چاودێریکردن و پێدانی رێنمایی بە مامۆستایان دەبینن و هەڵسەنگاندن بۆ شێوازی وتنەوەی وانەکان دەکەن لە لایەن ملمۆستایانەوە. سەرپەرشتیارانیش وەک تەواوی توێژەکانی تر بەدەرنین لە کاریگەری قەیرانی دارایی ئەوەش وایکردوە کە ئەو رۆڵەی لە ساڵانی پێشوتر هەیان بوە لە سەردانکردنی ناوەندەکانی خوێندن و پێدانی رێنمای بە مامۆستایان بۆ باشترکردنی رەوشی پەروەردە کەمتر ببێتەوە یاخود هەر نەمێنێت، ئەمەش کاریگەری خراپی بەدوای خۆیدا هێناوە، نەبونی سەرپەرشتیاران لە ناوەندەکان کەلێنێکی گەورەی لە نێوان مامۆستایان و پەروەردە دروست کردوە.

## 2. ئاماری سەرپەرشتیاران لە سنوری پەروەردەی گەرمیان:

بە پێی ئاماری بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی گشتی گەرمیان بۆ ساڵی (2016-2017) ژمارەی سەرپەرشتیارانی پسپۆڕیی و کارگێری لە سنوری پەروەردەی کەلار و کفری بۆ قۆناغی بنەڕەتیەکان بەمشێوەیەیە:

| زنجیرە | بابەتەکان | سەرپەرشتیاران |
|---|---|---|
| 1 | کوردی | 3 |
| 2 | بیرکاری | 4 |
| 3 | عەرەبی | 1 |
| 4 | ئینگلیزی | 1 |
| 5 | کۆمەڵایەتی | 3 |
| 6 | زانستەکان | 5 |
| 7 | هونەر | 3 |
| 8 | وەرزش | 3 |
| 9 | کۆمپیوتەر | —— |
| 10 | کارگێڕی | 4 |
| 11 | گشتی | 1 |

بە پێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی گشتی گەرمیان بۆ ساڵی (2016-2017) ژمارەی سەرپەرشتیارانی پسپۆڕیی و کارگێری لە سنوری پەروەردەی کەلار و کفری و خانەقین بۆ قۆناغی ئامادەییەکان بەمشێوەیە:

| زنجیره | بابەتەکان | سەرپەرشتیاران |
|---|---|---|
| 1 | کوردی | — |
| 2 | بیرکاری | 4 |
| 3 | عەرەبی | 2 |
| 4 | ئینگلیزی | — |
| 5 | جوگرافیا | — |
| 6 | مێژوو | — |
| 7 | ئابوری | — |
| 8 | کیمیا | 2 |
| 9 | فیزیا | 1 |
| 10 | زیندەوەرزانی | 2 |
| 11 | هونەر | — |
| 12 | وەرزش | 1 |
| 13 | کارگێری | 2 |
| 14 | گشتی | 1 |

## 3. رۆڵی سەرپەرشتیاران لە ناوەندەکانی خوێندن دا:

سەرپەرشتیاری پەروەردەیی رۆلی گرنگی دەبێت لە بەرەوپێشبردنی پرۆسەی خوێندن بەوپێیەی چاودێری و هەڵسەنگاندن دەکەن و رێنمایی دەدەن و لەگەڵ ئەمەشدا سەرپەرشتیارانی پەروەردە بۆچونی جیاوازیان هەیە لەسەر رۆڵیان لە ناوەندەکانی خوێندن هەروەها کاریگەری ئەو قەیرانەی کە بەشێکی زۆری کارەکانی پەکخستوە.

### ا. سەرپەرشتیارانی قۆناغی بنەڕەتی:

رۆڵی سەرپەرشتیاران تا رادەیەکی زۆر سنوردار کراوە و ئەوەی سەرپەرشتیاران دەیکەن لە ناوەندەکانی خوێندن بە پێی ئەو رێنمایەنەیە کە لە وەزارەتەوە شۆڕ بوەتەوە بۆ پەروەردە و ئەوانیش جێبەجێی دەکەن لە ناوەندەکان.

چیمەن محەمەد عەبدوڵڵا، سەرپەرشتیاری پەروەردەی کوردی لە قۆناغی بنەڕەتی لە پەروەردەی کەلار، دەڵێت: "ئێمە لە ساڵانی پێشوتر ئەرکەکانمان سەردانکردنی ناوەندەکان و پێدانی رێنمایی بوە بە مامۆستایان چ پەروەردەیی یاخود بابەتی، هەروەها هەڵسەنگاندنیش بەپێی ئەو رێنمایانەی وەزارەتی پەروەردە بوە کە بۆ مامۆستایان کراون".

وتیشی: "بەهۆی قەیرانی داراییەوە ئەم دو ساڵەی کۆتاسی بە فەرمانێک سەردانمان نەکردوە بۆ ناوەندەکان بەدەر لە ئەهلییەکان، بەڵکو تەنها لە کاتی تاقیکردنەوەکان سەردانمان کردوە و رۆڵی کاریگەریشمان هەبوە، هەروەها سەردانی ناوەندەکان بکەین باشترە لەوەی کە دابنیشین، لەگەڵ ئەوەش ئێمە ئێستا بوین بە هاورێی رەخنەگر کە دەتوانین بە بەردەوامی سەردان بکەین، بەڵام لە ئێستا بەهۆی نەبونی دەوام کەمتر سەردانمان کردوە."

ئەرکی سەرپەرشتیاران لە ناوەندەکانی خوێندن پێشکەشکردنی رێنماییە بە مامۆستایان و چاودێریکردنیانە کە چۆن وانە پێشکەش بە خوێندکاران دەکەن.

ئەرسەلان ساڵەح حەسەن، سەرپەرشتیاری پەروەردەی کۆمەڵایەتی لە قۆناغی بنەڕەتی لە پەروەردەی کەلار، دەڵێت: "سەرپەرشتیار بە چەند قۆناغێک تێپەڕیوە پێشتر لە روی ناوەوە یەکەمجار پشکنەر بو دواتر بو بە سەرپەرشتیار ئێستاش هاورێی رەخنەگر کە سیستەمێکی نوێی وەزارەتە، لە روی ناوەرۆکیشەوە ئەوەی کە هەیە هەندێک گۆرانکاری بەسەر هاتوە لە وەزارەتی پەروەردەوە، رۆڵی ئێمە زیاتر رۆڵێکی هەماهەنگی و هاوکارییە وەک لەوەی کە بەدوای کەموکورتیدا بگەڕێین".

وتیشی: "ئەرکی ئێمە مامەڵە کردنە لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لە شوێنێکی ئەکادیمی و پڕ لە کاری پەروەردەی و فێرکردنە ئەویش ناوەندەکانی خوێندنە، هەروەها ئەرکمان ئەوەیە کە رێنمای پێشکەش بە مامۆستایان بکەین لە روی وتنەوەی بابەتەکان".

باسیلەوەشکرد: "من نوسراوم بۆ هاتوە لە وەزارەت کە بەپێی ساڵەکانی خزمەت مامەڵە لەگەڵ مامۆستایان بکەین کە (10) ساڵ خزمەتی هەبێت چۆن مامەڵەی لەگەڵ بکەین یان (15) ساڵ بێت چۆن بێت، لەگەڵ ئەوەش بەهۆی سەردان نەکردنمان بۆ ناوەندەکان بەدەر لە کاتی تاقیکردنەوەکان ئەمە کاریگەری هەیە پێویستە وەزارەت ئاوڕێک لە کەرتی پەروەردە بداتەوە، چونکە لە لێواری داڕوخان دایە.

هەندێک لە سەرپەرشتیاران بەهۆی ئەوەی کە تەنهان، ناتوانن وەک پێویست رۆڵیان هەبێت لە ناوەندەکان بەهۆی زۆری ژمارەی مامۆستایان.

محێدین ئەحمەد محەمەد، سەرپەرشتیاری پەروەردەیی ئینگلیزی لە پەروەردەی کەلار، دەڵێت: "ئێمە بۆ ماوەی چەند ساڵێکە سەردانی ناوەندەکانی خوێندنمان نەکردوە، بەڵام لە ساڵانی پێشوتر پێچەوانە بو، خۆم بە تەنها لە (1 بۆ 9)ی بنەڕەتی سەرپەرشتی دەکەم، نزیکەی (670) مامۆستاشم هەیە وەک پێویست رۆڵم نەبوە، چونکە فریا نەکەوتوم سەردانی هەمو ناوەندەکان بکەم لە یەک کاتدا بەتایبەت لە ئێستادا کە قەیرانی داراییە".

وتیشی: "ئەرکی ئێمە رێنمایی کردن و بەدواداچون کردن و هەڵسەنگاندنی مامۆستایانە هەر جارێکیش سەردانی ناوەندێکم کردبێت نیو سەعات لە پۆل ماومەتەوە و وانەی نمونەیم پێشکەش کردوە، هەروەها سیمیناریشم بۆیان ئەنجامداوە لە بونی هەر رێنماییەکی تازە پێشکەشم کردون."

باسیلەوەشکرد: "کتێبێکمان هەیە بەناوی (تیچەر گرایت) ئەمەش تایبەتە بە مامۆستایانی ئینگلیزی رێنمای تایبەتی تێدایە بۆ پێشکەش کردنی وانە بە خوێندکاران کە چۆن بابەتەکان دابەش بکەن چۆن وانەکە بڵێنەوە هەموی بە رونی باسدەکات، بەڵام مامۆستایان هیچ گرنگی پێنادەن ئەگەر لەسەر ئەو کتێبە برۆن مامۆستایان ئەوا سەرکەوتو دەبن".

سەردانکردنی سەرپەرشتیاران بۆ ناوەندەکانی خوێندن گۆڕانکاری بەسەردا هاتوە لە لایەن وەزارەتی پەروەردە بە هۆکاری قەیرانی دارایی و ئەمەش وایکردوە کەمتر رۆڵیان هەبێت لە ناوەندەکان بە تایبەت دەرەوەی شار.

زەینەڵ رەشید سادق، سەرپەرشتیاری یەکەمی پەروەردەی بنەڕەتی کەلار، دەڵێت: "سەرپەرشتیاران لە ئێستا و لە ساڵانی رابردو جیاوازترە، ئەرکی ئەوان خۆی دەبینێتەوە لە سەردانکردنی ناوەندەکانی خوێندن کە سێ مەبەستە (رێنمای، بەدواداچون و هەڵسەنگاندن) لە پرۆسەی خوێندن چ کارگێری و چ پسپۆرییەکان، ئەگەرچی کارگێڕییەکان

تا رادەیەک وەک خۆی ماوەتەوە، بەڵام بابەتەکان گۆڕانکاری بەسەر هاتوە بوە بە (2) سەردان ئەوانیش (رێنمای و بەدواداچون، هەڵسەنگاندن) هۆکاری ئەمەش قەیرانی داراییە".

وتیشی: "ئێمە بەدەر لە ناوەندەکانی خوێندن سەرپەرشتی باخچەی ساوایان و قوتابخانەی نێودەوڵەتی سابیس دەکەین، هەروەها ئەرکی تریشمان هەیە ئەویش بەشداریکردنە لە لیژنەی لێکۆڵینەوە لە ناوەندەکان بۆ بونی هەرگرفتێک و چارەسەرکردنی، لەگەڵ ئەوەش رۆڵمان هەبوە لە هاوکاریکردنی پەروەردەکان لە داتای مامۆستایان و خوێندکاران".

باسیلەوەشکرد: "گۆڕانکاری لە سەردانکردنەکان رویداوە بۆ ناوەندەکان دو جۆر سەردانە یەکێکیان، لە سەنتەری شار سیستەمێکی تازەی وەزارەت هەیە ئەویش سەرپەرشتیاران رۆڵی هاوڕێی رەخنەگر دەبینن کە هەر یەکێکیان و چەند ناوەندێکی بەر دەکەوێت و بە پێی توانای دەتوانێت سەردان بکات و کراوەیە بۆی، بەڵام ئەم سیستەمە بۆ ناوەندەکانی دەرەوەی شار نیە و سیستەمە کۆنەکە جێبەجێدەکرێت و بەدواداچون بۆ ناوەندەکان دەکەن، دوەمیان هەڵسەنگاندنی دەرەکیە بۆ ناوەندەکانی خوێندن بە شێوەی گروپ ئەنجام دەدرێت، بەڵام مەرجدار کراوە بۆ سەرپەرشتیاران ".

بەدەر لە سەرپەرشتیاری پسپۆری بابەتەکان سەرپەرشتیاری کارگێریش بونی هەیە ئەرکی ئەمان جیاوازترە لەوانی دیکە، ئەرکەکەش چاودێریکردنی لایەنی ئیداری ئەو ناوەندەیە لە بونی هەر گرفتێک لەو ناوەندە هەیە.

کەریم عەزیز محەمەد، سەرپەرشتیاری کارگێری لە یەکەی پەروەردەی بنەڕەتی لە کەلار، دەڵێت: "ئێمە ئەمساڵ لە وەرزی یەکەمەوە سەردانی ناوەندەکانمان نەکردوەتەوە بەهۆی بایکۆتەوە کە دەوامیش نەبو ئیشی ئێمە رادەوەستێت، ئیشی ئێمەش سەرپەرشتی کردنی ناوەندەکانی خوێندنە بە مەبەستی رێنمای کردن و بەدواداچون و هەڵسەنگاندن".

وتیشی: "ئەگەرچی بەهۆی دۆخەکەوە سەردانکردنەکانمان کردوە بە لیژنە شتێکیش نەماوە بە ناوی سەرپەرشتیاری تایبەت و ئێمەش سەرۆکی لیژنەکانین و سەردانی ناوەندەکانی خوێندن دەکەین بە مەبەستی ئاگاداربون لە پرۆسەی خوێندن و مامۆستایان، هەروەها ئەوە (2) ساڵە سەردانی تایبەتی پسپۆڕییەکان راگیراوە، ئەگەرچی ئێمە سەردانی ناوەندەکان دەکەین بە مەبەستی بەڕێوەچونی پرۆسەی خوێندن نەک بۆ هەڵسەنگاندنی مامۆستایان و دەستەی کارگێری ناوەندەکان، لەگەڵ ئەوەش بە دەر لە سەنتەری شار سەردانی گوندەکانی سنورمان ناکەین بە بڕیارێک".

ئاماژەی بەوەشکرد:"ئێمە ئەمساڵ خولێکمان بۆ کرایەوە خولی بنیاتنانەوەی پرۆسەی خوێندن و پەروەردە بۆ قۆناغی ئامادەیی و بنەڕەتی لێرەوە هەڵسەنگاندنی دەرەکی بۆ ناوەندەکان دەکەین بە سود وەرگرتن لە سەرپەرشتیارانی

هاوڕێی رەخنەگر کە یەکێکە لە ئەرکەکانی وەزارت کە پێی هەڵدەستێت بۆ دەوڵەمەندکردن و باشترکردنی پرۆسەی خوێندن".

**ب. سەرپەرشتیارانی قۆناغی ئامادەیی:**

سەرپەرشتیارانی پەروەردەی پێشتر و پێش قەیرانی دارایی زیاتر دەستیان واڵا بو لە کارەکانیان و زۆرتر رۆڵیان هەبوە بەڵام قەیرانی دارایی کاریگەری کردوەتە سەر رۆڵی سەرپەرشتیاران لە ناوەندەکانی خوێندن و وایکردوە وەک پێویست ئەو رۆڵەیان نەبێت کە پێویستە هەبێت.

سەلام شوکر سەمین، سەرپەرشتیاری پسپۆری بیرکاری لە پەروەردەی گشتی گەرمیان لە قۆناغی ئامادەییەکان، دەڵێت: "ئێمە لەم دو ساڵەی دواییدا هیچ چالاکییەکمان نەماوە، بەڵام لە ساڵانی پێشوتر رۆڵی باشمان هەبو لە رێکخستنی میلاک و باشترکردنی ئەدای مامۆستایان لە وتنەوەی وانەکانیان و پێدانی رێنمای پێیان، بەڵام ئەو ئەرکانەمان وەستاوە ناڵێم (بندیوارین)، بەڵام جۆرێکین لە (بندیوار) تەنها لە دورەوە چاومان لە ناوەندەکانە".

وتیشی: "ئەگەرچی بە فەرمانێکی وەزاری سەردانەکانمان راگیراوە بەهۆی دۆخی داراییەوە، بەڵام هەر سەردان دەکەین ئەویش بەکەمی و زۆرجار لە کاتی تاقیکردنەوەکان سەردان دەکەین، ئەگەرچی هەندێک دەسەڵات هەیە لە نێوان پەروەردە و سەرپەرشتیار یەکلای نەبوەتەوە، ئێمە هەندێک ئیش دەکەین وەک رێکخستنی میلاک کە ئیشی پەروەردەیە".

ئاماژەی بەوەشکرد: "کاری سەرپەرشتیار ئەوەیە کە راپۆرت ئامادە بکات لە سەر پرۆگرامی خوێندن و چاودێریکردنی مامۆستایان و پێدانی رێنمایی و هەڵسەنگاندنیان، ئەگەرچی بەهۆی دۆخی ئێستای پەروەردە هەمو ئەمانە راگیراون، لەگەڵ ئەوەش ئێمە لە وەزارەتەوە فەرمانمان بۆ هاتوە کە ئیجرائات لەگەڵ مامۆستا نەکەین".

هەندێک لە سەرپەرشتیاران دان بەوەدا دەنێن کە نەک ئێستا بەڵکو لە ساڵانی پێشوتر ئەو رۆڵیان نەبوە کە پێویستە هەبێت، بە هۆکاری ئەوەی کە هەندێک ئیشوکار تا ئێستا لە نێوان پەروەردە و ئەوان یەکلای نەبوەتەوە کە ئەرکیان چیە.

خەلیل ئەحمەد سالّح، سەرپەرشتیاری پسپۆری عەرەبی لە پەروەردەی گشتی گەرمیان لە قۆناغی ئامادەیی، دەڵێت: "ئێمە لە پێشتریش رۆڵێکی ئەوتۆمان نەبوە لە ناوەندەکان، چونکە هەندێک ئیش هەبوە هی ئێمە نەبوە کە

کردومانە و دەیکەین، ئیشی ئێمە تەنها هاوکاریکردنی مامۆستایان و پێدانی رێنمایی و کردنەوەی کۆرس و سیمینارە و گەشەدانە بە توانای مامۆستایان و پرۆسەی خوێندن، نەک گواستنەوەی مامۆستایان و رێکخستنی میلاکات".

وتیشی: "ئێمە دەبێت سەردانی ناوەندەکانی خوێندن بکەین و کەموکورتییەکانیان بکەین بە راپۆرتێک و بیدەین بە پەروەردە ئەوانیش هەستن بە چارەسەرکردنی ئەو گرفتانە، ئەگەرچی ئێمە لە ناوەندەکان دابڕاوین و ئەو پەیوەندییەی جارانمان نەماوەتەوە لەگەڵ مامۆستایان، ئێمە لە سەردانکردنەکانی ساڵانی پێشوتر نارازیبووین چ جا ئێستا".

ئاماژەی بەوەشکرد: "ئێمە ئەمساڵ سەردانی ناوەندەکانمان کرد، بەڵام سەردانکردنێکی شکڵی بو بە پێچەوانەی ساڵانی پێشوتر کە سەردانی پۆلەکانمان دەکرد و تەنانەت وانەی نمونەیشمان دەدایەوە کە مامۆستایان بە هەمان شێوەی ئەوە وانە بڵێنەوە".

هەندێک لە سەرپەرشتیاران بەدەر لە ئەرکی خۆیان کە سەرپەرشتی کردنی مامۆستایانە لە ناوەندەکان، هەندێکجار لە نەبونی مامۆستایەکی بابەتێک خۆیان وانە پێشکەش بە خوێندکاران دەکەن.

قادر ئیسماعیل عەبدولقادر، سەرپەرشتیاری پسپۆری فیزیا لە پەروەردەی گشتی گەرمیان لە قۆناغی ئامادەییەکان، دەڵێت: "رۆڵی سەرپەرشتیاران لە ناوەندەکان هەم چاودێرە هەم هاوڕێی رەخنەگریشە کە سیستەمێکی نوێیەو جارێک لە قۆناغی بنەڕەتییەکانە، ئەرکی ئێمە سەردانکردنە بۆ ناوەندەکانی خوێندن پێدانی رێنماییە بە مامۆستایان کە چۆن وانە بڵێنەوە و کۆنترۆڵی پۆل بکەن لە کاتی وتنەوەی وانە، هەروەها هەڵسەنگاندنیانە، بەڵام بەهۆی دۆخی دارایی ئێستا ئەو ئەرکانەمان زۆر کەم بوەتەوە".

وتیشی: "خۆم مامۆستای فیزیا نەبوە لە ناوەندێک وانەم وتوەتەوە لە بری مامۆستا بەدەر لەوەی کە سەرپەرشتیارم، تەنانەت وەک هاورێیەک لەگەڵ مامۆستایان مامەڵەم کردوە لە بونی هەرگرفتێک، لەگەڵ ئەوەش من تازە گەڕاومەتەوە بۆ سەرپەرشتیاری لەوەتەی من هاتومەتەوە سەردانی ناوەندەکان دەکەم وەک پێویست".

لە ساڵانی پێشوتر سەرپەرشتیاران رۆڵیان هەبوە لە ناوەندەکانی خوێندن، بەڵام لە چەند ساڵی کۆتایی دا بە کاریگەری قەیرانی دارایی نەیان توانیوە وەک پێویست رۆڵیان هەبێت.

نەوزاد یاوەر قادر، سەرپەرشتیاری یەکەم لە قۆناغی ئامادەییەکان لە سنوری پەروەردەی گشتی گەرمیان، دەڵێت: "ساڵانی رابردو سەرپەرشتیاران رۆڵی خۆیان هەبوە لە ناوەندەکانی خوێندن، بەڵام ئەم چەند ساڵەی دوای سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی کێشەو گرفتی زۆریان بۆ دروست بو بەهۆی دۆخەکەوە ئەمەش کاریگەری لە سەر پرۆسەی خوێندن هەبو کە نەیانتوانی وەک پێویست سەردان بکەن، لەگەڵ ئەوەش سەرپەرشتیاران جاران سێ

سەردانیان دەکرد (سەردانی رێنمایی، سەردانی بەدواداچون و سەردانی هەڵسەنگاندن)، بەڵام ئەم ماوەی دوایی یەک سەردانیان کردوە ئەویش رێنمایی بو".

وتیشی: "سەردان نەکردن بۆ ناوەندەکان کاریگەری خۆی هەیە، چونکە هەر گۆڕانکارییەک کە رودەدات مامۆستایان لێی بێئاگان بەهۆی سەردان نەکردن، هەروەها ئێمە سەرپەرشتی پەروەردەی کفری و خانەقینیش دەکەین ئەمەش ئەرکەکەی بۆ ئێمە قورستر کردوە بەهۆی کەمی سەرپەرشتیار".

سەبارەت بەوەی کە چەند کێشە و گرفتیان هەیە وەک یەکەی سەرپەرشتیاریی، (نەوزاد یاوەر) باسیلەوەشکرد، ئێمە کێشەو گرفتمان زۆرە دیارترینیان نەبونی جێگەیەکی گونجاوە بۆمان و هەمو پەروەردەکانی کوردستان یەکەی سەرپەرشتی تایبەت بە خۆیان هەیە، بەڵام ئێمە نیمانە، هەروەها گرفتی پێداویستیشمان هەیە.

## 4. بۆچونی بەڕێوبەری ناوەندەکانی خوێندن لەسەر رۆڵی سەرپەرشتیاران :

بە کاریگەری ئەو بایکۆتەی ماوەیەکی زۆرە قوتابخانەکانی داخستوە پەیوەندی نێوان بەڕێوبەری قوتابخانەکان و مامۆستایانی لەگەڵ سەرپەرشتیاران کاڵکردوەتەوە، چونکە ساڵانی پێشو سەردانی بەردەوامی سەرپەرشتیاران ئەو پەیوەندییەی دروستکردبو کە ئێستا بایکۆت وەستاندویەتی.

### ا. بۆچونی بەڕێوبەری ناوەندەکانی خوێندن لە قۆناغی بنەڕەتی:

سەردانی کردنی سەرپەرشتیاران بۆ ناوەندەکانی خوێندن بە هۆی بایکۆتی دەوامەوە لە لایەن مامۆستایانەوە وەک پێویست نیە، ئەمەش وایکردوە رۆڵیان کەم ببێتەوە لە ناوەندەکانی خوێندن.

غازی عەلی محەمەد، بەڕێوبەری قوتابخانەی بنەڕەتی (حەپسەخانی نەقیب) لە کەلار دەڵێت: "بەهۆی دەوام نەکردن و بایکۆتەوە سەرپەرشتیاران تەنها لە کاتی تاقیکردنەوەکان سەردانیان کردوە رۆڵێکی ئەوتۆیان نەماوە وەک ساڵانی پێشوتر کە بە بەردەوامی سەردانی ناوەندەکانیان دەکرد، بەتایبەت سەرپەرشتیارانی بابەتەکان".

وتیشی: "رۆڵێکی باشیشان هەبوە لە چارەسەرکردنی هەرگرفت و کەم و کورتیەک کە هەبوە لە ناوەندەکان، بەڵام بەهۆی بارودۆخی ئێستا کە سەرپەرشتیاران سەردان ناکەن کەلێنیان دروست کردوە، هەرگرفتێک هەبێت وەک پێویست چارەسەرناکرێت، بەڵام لە ساڵانی پێشوتر بە پێچەوانەوە بو".

ئاماژەی بەوەشکرد: "پەیوەندییەکی زۆر باشیشمان هەبوە لەگەڵ تەواوی سەرپەرشتیاران".

نەک بە تەنها سەرپەرشتیاران بەڵکو پەروەردەش وەک پێویست بایەخی بە ناوەندەکانی خوێندن نەداوە بە تایبەت ئەوانەی دەرەوەی شار کە وەک پێویست ئاوڕی لێنەدراوەتەوە.

وەلید جەلال، بەرێوبەری قوتابخانەی بنەڕەتی (پشو)، لە ناحیەی پێباز، دەڵێت: "ئەوەی بایەخ بێت چ لە لایەن پەروەردە چ لە لایەن سەرپەرشتیاران کە بە قوتابخانەکان درابێت وەک پێویست نەدراوە، بەتایبەت لەم دو ساڵەی کۆتایی، ئەوە بۆ ماوەی چەند ساڵیکە لەو ناوەندەم ساڵی پار مانگی سێ سەرپەرشتیاری یەکەم بە شێوەیەکی کاتی سەردانی کردوین و تاوەکو ئێستاش هیچ سەرپەرشتیارێک سەردانی نەکردوین، ئەگەر چی جارجار لەلایەن پەروەردە پۆستە بێت ئەگینا هەموی بێدەنگە بەهۆی ئەم بایکۆتەوە".

وتیشی: "لەکاتی تاقیکردنەوەکانیش هیچ سەردانیان نەکردین، بەڵام ساڵانی پێشوتر بۆ هەمو مانگێک سەردانیان دەکردین و پەیوەندییەکی باشیشمان هەبو لەگەڵیان و رۆڵی باشیان هەبو، ئەوەشی کردویانە بەپێی رێنمایەکانی وەزارەت و بە یاسا کردویانە، ئەگەرچی ناوەندی گوندەکان وەک پێویست ئاوڕی لێنەدراوەتەوە بە تایبەت ئەم دوساڵەی کۆتایی".

رۆڵی سەرپەرشتیاران لەگەڵ سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی لە ناوەندی گوندەکان لاواز بوە، ئەگەرچی پێش ئەم دۆخەی ئێستا بە بەردەوامی سەردانیان کردوە و رۆڵیان هەبوە.

عەلی سابر ئەحمەد، بەرێوبەری قوتابخانەی بنەڕەتی (باخەهەنارە)، لە ناحیەی مەیدان، دەڵێت: "سەرپەرشتیارەکان هەمو کات هاوکارن و کاری باشیان کردوە لە پرۆسەی خوێندن، هەروەها لە ساڵانی پێش قەیرانی دارایی رۆڵی باشیان هەبوە لە پێدانی رێنمایی بە مامۆستایان و گرفتی میلاکدا، بەڵام لەم چەند ساڵەی دوایی بەهۆی ئەو دۆخەی ئێستا لە ئارادایە رۆڵیان کەم بوتەوە و وەک پێویست نەماون".

وتیشی: "لەماوەی ساڵی خوێندن بە پێی پسپۆری بابەتەکان سەرپەرشتیاران سەردانیان کردوە بە پێی کات، تەنها هەندێکیان فریانەکەوتون کەم هاتون بە نمونە بابەتی (ئینگلیزی) کە یەک سەرپەرشتیاری هەیە لە هەردو پەروەردەی کفری و کەلار، لەگەڵ ئەوەشدا کارگێریەکانیش سێ جار سەردانیان کردوە لە ماوەی ساڵی خوێندن".

باسیلەوەشکرد: "ئێمە هەرچەند لە دەرەوەی شاریش بوین لە پێش قیرانەکەوە بە بەردەوامی سەردانیان کردوین، بەڵام لەم دوساڵەی کۆتایی لە کاتی تاقیکردنەوەکانیش سەردانیان نەکردوین، بۆ بونی هەرگرفتێکیش یان پەیوەندی تەلەفۆنی دەکەین یان خۆمان سەردانیان دەکەین".

هەڵپەساردنی یەکەی سەرپەرشتیاری لە سنوری پەروەردەی کفری و هێنانیان بۆ سەر یەکەی سەرپەرشتیاری کەلار وایکردوە کە مامۆستایان کەمتر سەرپەرشتیاران ببین و ڕۆڵیان لە ناوەندەکانی خوێندن لاواز ببێتەوە.

حەسەن حسێن ساڵەح، بەڕێوبەری قوتابخانەی (شۆڕش)ی، بنەڕەتی لە قەزای کفری دەڵێت: "ڕۆڵی سەرپەرشتیاران لە پرۆسەی خوێندن و سەردانکردنیان بۆ ناوەندەکان و لە پێدانی ڕێنمایی دان بە مامۆستایان و هەڵسەنگاندیان و چاودێریکردنی تاقیکردنەوەکان لەم چەند ساڵەی دوایی زۆر لاواز بوە، بەڵام لە ساڵانی پێشوتر پێچەوانەبو ڕۆڵی باشیشیان هەبو".

وتیشی: "ئێمە یەکەی سەرپەرشتیاریمان نەماوە و لە پەروەردەی کەلارەوە سەرپەرشتی دەکرێن، ئەگەرچی لە ئێستاشدا بۆمان دابنرێتەوە ڕۆڵێکی ئەوتۆیان نابێت بەهۆی دۆخە داراییەکەی ئێستاوە مامۆستایان هیچ بە قسەی سەرپەرشتیاران ناکەن، لەگەڵ ئەوەش ڕۆڵی سەرپەرشتیاران لە ئێستادا لە سنوری پەروەردەی کفری زۆر لاوازە".

سەردانکردنی سەرپەرشتیاران بۆ ناوەندەکان بە تەنها کاریگەری لەسەر بابەتەکان نابێت بەڵکو کاریگەریشی لەسەر لایەنی ئیداری ئەو ناوەندە دادەنێت و لە کاتی بونی هەرگرفتێک ناشتوانرێت لێپرسینەوە لەگەڵ مامۆستایان بکرێت.

هەمزە محەمەد تۆفیق، بەڕێوبەری قوتابخانەی بنەڕەتی (ئایندە) لە ناحیەی ڕزگاری، دەڵێت: "لە هەمو ساڵێکی خوێندن سەرپەرشتیارانی کارگێڕی لە سەرەتای دەوامەوە سەردانیان کردوین بۆ کاروباری ئیداریی، دوای ماوەیەکیش لەوە سەرپەرشتیارانی بابەتەکان سەردانیان کردوە و بە پێی ئەو ڕێنمایانەی کە هەیانبوە ڕۆڵی خۆیانیان گێڕاوە و هەستاون بە چارەسەرکردنی هەرگرفتێک پەیوەندیداربوە بە مامۆستایان".

وتیشی: "لەمساڵی خوێندندا سەرپەرشتیارەکان تەنها لە کاتی تاقیکردنەوەکان سەردانی ناوەندەکانیان کردوە، بەڵام لە ساڵانی پێش قەیران سەردانیان کردوە و ڕۆڵی باشیشیان هەبوە، ئێستاش کە سەردان ناکەن بە هۆی دۆخە داریی‌ەکەوەیە کە ئەمانیش بەدەر نەبون لێی و کاریگەری کردوەتە سەر کارەکانیان و ناتوانن وەک پێویست سەردان بکەن".

ئاماژەی بەوەشکرد: "سەرپەرشتیاران ناتوانن هیچ لێپرسینەوەیەک لەگەڵ مامۆستایان بکەن بەهۆی دۆخەکەوە، ئەمەش وایکردوە سەرپەرشتیاران خۆیان بدزنەوە لە هەندێک بەرپرسارێتی، بەڵام لە ساڵانی پێشوتر بە پێچەوانەوە بوە".

**ب. بۆچونی بەڕێوبەری ناوەندەکانی خوێندن لە قۆناغی ئامادەیی:**

هەندێک لە بەڕێوەبەرەکان ئاماژە بەوەدەکەن کە هەندێک لە سەرپەرشتیاران تەنها لە کاتی تاقیکردنەوەکاندا سەردانی قوتابخانەکان دەکەن بە پێچەوانەی پێشتر کە ڕۆڵی زیاتریان هەبو.

ئەیاد محەمەد ساڵح، بەڕێوبەری قوتابخانەی ئامادەیی (زرنگ)، لە ناحیەی ڕزگاری، دەڵێت: "سەرپەرشتیاران لە ساڵانی پێشوتر ڕۆڵی باشیان هەبو و سەردانیان کردوین لە چارەسەرکردنی میلاک، هەروەها لە پێدانی ڕێنمایی بە مامۆستایان لە کاتی وتنەوەی وانە، بەڵام ئەمساڵ و ساڵانی پێشوتر بەهۆی ئەم دۆخە دارایی و بایکۆتەوە ڕۆڵیان کەمتر بوەتەوە و وەک پێویست نیە، تەنها لە کاتی تاقیکردنەوەکان سەردانیان کردوین".

وتیشی: "پەیوەندییەکی زۆر باشمان هەیە لەگەڵ سەرپەرشتیاران چ کارگێری چ پسپۆری بابەتەکان و ڕۆڵی باشیشیان هەبوە، بەڵام بەهۆی دۆخەکەوە هیچ شتێک لەسەر سروشتی خۆی نەماوەتەوە و کەرتی پەروەردەش بەدەر نیە لەوە".

یونس هیدایەت قاسم، بەڕێوبەری قوتابخانەی ئامادەیی (کفری) لە قەزای کفری، سەبارەت بە ڕۆڵی سەرپەرشتیاران لە ناوەندەکانی خوێندن، دەڵێت: "ڕۆڵی سەرپەرشتیاران لە ناوەندەکانی خوێندن لە ئێستادا وەک پێویست نیە، ئێمە بەهۆی نەبونی یەکەی سەرپەرەرشتیاری خراوینەتە سەر پەروەردەی کەلار، ئەو سەرپەرشتیارانی کە لە کفری نیشتەجێن سەردانمان دەکەن ئەوانی کە بەهۆی دۆخەکەوە دو ساڵە هیچ سەردانیان نەکردوین، تەنانەت ئەگەر پەیوەندییەکیشمان هەبێت تەنها تەلەفۆنیە ئەویش ئەگەر گۆڕانکارییەک ڕوبدات لێیان وەردەگرین".

وتیشی: "ئەوانەی کفری کە سەردان دەکەن تەنها لە کاتی تاقیکردنەوەکانە، بەڵام لە ساڵانی پێشوتر باش بو سەردانیان دەکرد لە پێدانی ڕێنمای و چاودێریکردنی مامۆستایان لە بونی هەرگرفتێک، ئێستاش لەگەڵ سەرپەرشتیارانی کفری پەیوەندی باشمان هەیە بەڵام ئەوانەی کەلار کەمتر".

ڕۆڵی سەرپەرشتیاران بە ڕای مامۆستایان ڕۆڵی کاریگەری لەسەر پرۆسەی خوێندن و مامۆستایانیش هەیە و سەردانکردنیان بۆ ناوەندەکان وادەکات کە پەرە بە توانایان بدات.

هێمن بایر سابر، بەڕێوبەری قوتابخانەی ئامادەیی (بەدرخانی ئێواران) لە کەلار دەڵێت: "سەرپەرشتیار کاریگەری ڕاستەوخۆی لە سەر پرۆسەی خوێندن و ڕێنمایی ئیداری و مامۆستایانیش هەیە، چونکە سەرپەرشتیاران دو بەشن بەشێکیان ئیدارین و بەشێکی تریشیان پسپۆری بابەتەکانن، لەگەڵ ئەوەش لە ساڵانی پێشوتر ڕۆڵی باشیان هەبوە لە ناوەندەکانی خوێندن".

وتیشی: "بەر لە قەیرانی دارایی سەرپەرشتیاران رۆڵێکی باشیان هەبو لە ناوەندەکان و سەردانیان دەکرد و رێنماییان پێشکەش بە مامۆستایان دەکرد، هانی مامۆستایانیان دەدا کە پەرە بە توانای زانستی خۆیان بدەن، بەڵام دۆخە داراییەکەی ئێستا وایکردوە تەنها لە کاتی تاقیکردنەوەکان سەردان بکەن بە پێچەوانەی ساڵانی پێشوتر".

## 5. بۆچونی مامۆستایان لەسەر رۆڵی سەرپەرشتیاران  لە ناوەندەکانی خوێندن:

مامۆستایان هەر یەکەو بە شێوازێکی جیاواز شرۆڤەی رۆڵی سەرپەرشتیاران لە ناوەندەکان دەکەن و دەڵێن بە هۆی قەیرانی دارایی و کەمی ژمارەی سەرپەرشتیاران و چەندین هۆکاری تر وایکردوە کەمتر رۆڵیان هەبێت لە ناوەندەکان.

### ا. بۆچونی مامۆستایان لە قۆناغی بنەڕەتی:

بەشێک لە مامۆستایان رەخنەیان لە سەرپەرشتیاران هەیە و باسلەوەدەکەن کە بە پێی پێویست سەردانیان نەکردوە و نەیانتوانیوە رۆڵی خۆیان بگێڕن.

رەفعەت محەمەد رەشید، مامۆستای ئینگلیزی لە قوتابخانەی بنەڕەتی (نەورۆز)لە قەزای کفری، دەڵێت: "من بۆ ماوەی (10) ساڵ دەبێت سەرپەرشتیاری بابەتەکەمم نەبینیوە سەردانم بکات نەک (ئینگلیزی) بەڵکو هەمو بابەتەکان لە سنوری پەروەردەی کفری وان، لەگەڵ ئەوەش قەیرانە یەک لە دوای یەکەکان وایکردوە سەرپەرشتیاران نەتوانن بەشێوازێکی جیدی و تۆکمە سەردانی ناوەندەکان بکەن، بۆیە رۆڵی سەرپەرشتیاران لەلای ئێمە زۆر سست و لاوازە".

وتیشی: "لەکۆی تەواوی ناوەندەکان لە سنوری پەروەردەمان هیچ سەرپەرشتیارێکم نەبینیوە رۆڵێکی باڵای هەبێت لە سەرخستنی پرۆسەی خوێندن یاخود ئەو رێنمایانەی دەدرێت بە مامۆستایان، هۆکاری ئەمەش بێپلانی وەزارەتی پەروەردەیە کە ناتوانێت بەرنامە و پلانێکی تۆکمەی هەبێت بۆ پرۆسەی خوێندن و سەرپەرشتیاران".

حەیدەر محەمەد مراد، مامۆستای ئینگلیزی لە قوتابخانەی بنەڕەتی (شەهید ملازم عومەر) لە کەلار دەڵێت: "من بۆ ماوەی (12) ساڵە مامۆستام (2) جار سەرپەرشتیاری (ئینگلیزی) سەردانی کردوم ئەویش هۆکاری ئەوەیە کە

خۆی تەنهایە و ناوەندێکی زۆریش لە سنورەکە هەیە ئەمەش وایکردوە کەمتر رۆڵی هەبێت لە ناوەندەکان، لە کاتێکدا بابەتی (ئینگلیزی)دەبێت (3) سەرپەرشتیاری هەبێت".

وتیشی: "ئەو دوجارەی کە سەردانی کردوم رێنمای پێویستی پێداوم، لەگەڵ ئەوەش گلەیم لێی هەیە بەهۆی جیاوازی کردنی لە نێوان مامۆستایان لە کاتی گواستنەوە، هەروەها تەمەنام دەکرد (10) ساڵ لەمەو بەر پەروەردە رێکخستنەوەی میلاکاتی لە سەرپەرشتیاران وەرگرتبایەتەوە".

بەشێکی تر لە مامۆستایان وایدەبینن کە پێویستە سەرپەرشتیاران رۆڵی زیاتر بخەنە گەڕ بۆ خزمەتکردنی کەرتی پەروەردە بە تایبەت ناوەندەکانی گوندەکان.

سەرکەوت یونس ئەحمەد، مامۆستای کوردی لە قوتابخانەی بنەڕەتی (میل قاسم) لە ناحیەی سەرقەڵا، دەڵێت: "من سەرپەرشتیارێکم هەیە لە قەیرانی دارایی و لە ساڵی (2014) وە سەردانی نەکردوم، بەڵام لە پێشتر سەردانیکردوم و رۆڵی هەبوە، رۆڵەکەشی گرنگ نەبوە تەنها سەردانێکی کردوە و (5) خولەکێک هاتوەتە پۆلەوە و داوای دەفتەری پلانی کردوە ئەمەش بەهایەکی وای نیە، چونکە من ساڵێکی تەواو وانە ئەڵێمەوە ئەو دێت و بە پێنچ دەقە من هەڵدەسەنگێنێ".

وتیشی: " سەرپەرشتیاران تەنها دەفتەری پلانیان دەوێت یان دەڵێت دەرەجات ئەوەیە و هەندێک رێنمای دەدەن، ئەگینا هیچ کات رونکردنەوەی لە بارەی خۆیەوە نەداوە کە ئەرکی چیە".

ئەو رێنمایانەی کە پێشکەش بە سەرپەرشتیاران دەکرێت بۆ چاودێریکردنی ناوەندەکانی خوێندن و مامۆستایان بە رێژەیەکی کەمتر لەو رێنمایانە لە ناوەندەکان جێبەجێدەکرێت.

سەرباز ئیبراهیم سەمین، مامۆستای هونەر لە قوتابخانەی بنەڕەتی (سروشت)لە ناحیەی رزگاری، دەڵێت: "لەوەتەی قەیرانی دارایی هاتوە لە ساڵی (2014) من یەک جار سەرپەرشتیار هاتوە بۆلام و لەم دو ساڵەی کۆتایش نەهاتوە، بەڵام لە ساڵانی پێشوتر هاتوە چ لە لادێ بوم چ لە سەنتەری شاریش، لەگەڵ ئەوەش دا رۆڵی باشیان هەبوە لە ناوەندەکان بە تایبەت لە کاتی چالاکییە هونەرییەکان".

وتیشی: "لەگەڵ سەرپەرشتیارەکەم هیچ کات نەبوە توشی کێشە ببم لەگەڵی و پەیوەندییەکی باشیشمان هەبوە پێکەوە، ئەوانیش ئەوەی لە وەزارەتەوە دەهات بۆیان پێیان دەدایـن، بەڵام لە (30%)ی جێبەجێ نەدەکرا، چونکە ناوەندەکانی خوێندن هەندێک مامۆستا هەیە بەڕێوەبەرەکەی هاوکاری ناکات".

ئاماژەی بەوەشکرد: "لەگەڵ هەمو ئەمانەش سەرپەرشتیار لە ناوەندەکان هەبێت باشترە بۆ سەرپەرشتی کردنی کار و چالاکییەکانی ناوەندەکان نەک بەسەر مامۆستاوە ببێت بە چاودێر".

مامۆستایانی گرێبەست ئەگەرچی ئەرکیان وەک مامۆستایانی هەمیشەی وایە، بەڵام وەک خۆیان دەڵێن سەرپەرشتیاران  بە چاوێکی جیاوازتر لەوان سەیریان دەکەن و ناشتوانن داوای هیچ شتێک بکەن.

ئەحمەد فەیسەڵ سالار، مامۆستای کوردی لە قوتابخانەی بنەڕەتی (چرچەقلا)ی سەربە ناحیەی شێخ تەویل، دەڵێت: "من بۆ ماوەی (3) ساڵە بە گرێبەست دامەزراوم تاوەکو ئێستا (1) جار سەرپەرشتیار سەردانیکردوم لە دوای ئەوەش نەمبینیوەتەوە، لەگەڵ ئەوەش بەهۆی ئەوەی کە ئێمە گرێبەستین سەرپەرشتیاران بە چاوێکی دی لێمان دەروانن و بە کەمتر سەیرمان دەکەن بۆیە نازانم بڵێم رۆڵیان هەیە یاخود نا".

وتیشی: "ئەو تەنها جارەی کە سەرپەرشتیارەکەم هات ماوەیەکی کورت پێکەوە بوین و پێی وتم هیچ گلەیم لێت نیە، چونکە ئەوەی لە سەرم بوە کردومە، لەگەڵ ئەوەش ناتوانین ئێمە داوای هیچ بکەین چونکە گرێبەستین".

**ب. بۆچونی مامۆستایان لە قۆناغی ئامادەیی:**

بەشێکی زۆری مامۆستایان گلەیی لە کەمی سەردانی سەرپەرشتیاران دەکەن لە ماوەی وەرزی خوێندندا، بە جۆرێک لە کاتی سەرهەڵدانی قەیرانی داراییەوە زۆرینەی سەرپەرشتیاران تەنها لە کاتی تاقیکردنەوەکاندا سەردان دەکەن.

سەنا مەولود ئیبراهیم، مامۆستای فیزیا لە قوتابخانەی ئامادەیی (دۆغان) لە کفری، دەڵێت: "ئێمە لە ساڵانی رابردو سەرپەرشتیاری فیزیامان نەبو بۆیە ناتوانم بڵێم رۆڵی هەبوە یاخود نا، بەڵام ئەمساڵ هەمانە ئەویش بەهۆی دۆخەکەوە نە دەوام ماوە نە یەکەی سەرپەرشتیاری، ئەمەش وایکردوە کەمتر رۆڵی هەبێت".

وتیشی: "ئێمە لە ساڵانی رابردو لە بری سەرپەرشتیار بەڕێوبەری پەروەردە خۆی سەردانی دەکردین هەر گرفتێکمان هەبوایە ئەو بۆی چارە دەکردین، بەڵام ئەمساڵ سەرپەرشتیارم هەیە و یەک جار سەردانی کردم لە سەرەتای ساڵەوە و رێنمای پێدام، لەگەڵ ئەوەش بەهۆی بایکۆتەوە چی دی نەمبینیوەتەوە".

هەندێک لە مامۆستایان پێیان وایە بونی سەرپەرشتیاران  بۆ هەڵسەنگاندنی مامۆستایان بەس نیە، بەڵکو هەوڵبدرێت خوێندکاران لە لیژنەی ئەواندا هەبێت بۆ هەڵسەنگاندنیان.

کاروان عەلی ڕەشید، مامۆستای زیندەوەرزانی لە قوتابخانەی ئامادەیی (بەردەسور) لە کەلار، دەڵێت: "ئەمساڵ سەرپەرشتیاری زیندەوەرزانی سەردانی نەکردوم، بەڵام سەرپەرشتیاری کارگێری هاتوە بۆ ناوەندەکەمان ئەمەش بۆ لایەنی ئیداری بو، ڕەنگە هۆکاری ئەمەش قەیرانی دارایی بێت، بەڵام سالانی پێشوتر بەردەوام دەهاتن لانی کەم لە تەواوی ساڵی خوێندن (3) جار دەهاتن بۆیە پێشتر ڕۆڵیان باشتر بو هەتا ئێستا".

وتیشی: "هەمو شتێکی ئەم وڵاتە ڕۆتینە سەرپەرشتیارانیش بە هەمان شێوە، چونکە سەرپەرشتیاران بە ماوەیەکی کەم دێن و مامۆستا هەڵدەسەنگێنن ئەمە شتێکی تەواو نیە، لەگەڵ ئەوەش باشترە کە خوێندکار لە لیژنەی سەرپەرشتیاران هەبێت بۆ هەڵسەنگاندنی مامۆستا، چونکە ئەوان بەردەوام لەگەڵ مامۆستان تا لایەنی باشی و خراپی مامۆستا هەڵبسەنگێنێت".

سەبارەت بەوەی کە تا چەند لەگەڵ سەرپەرشتیارەکەی پەیوەندی باشە، کاروان عەلی دەشڵێت: " پەیوەندییەکی باشم هەبوە لەگەڵ سەرپەرشتیارەکەم، بەڵام من بابەتەکەی خۆمم خۆش دەوێ و خوێندکارەکانم بەلاوە گرنگترە کە لێم ڕازی بن ئیتر هەڵسەنگاندنم چۆن دەبێت لەلایەن سەرپەرشتیارانەوە بۆم گرنگ نیە".

بونی سەرپەرشتیار لە ناوەندەکانی خوێندن گرنگە و پێویستە ڕۆڵیان هەبێت و زیاتر بایەخ بەوە بدرێت سەردانی ناوەندەکان بکرێت وەک لەوەی داببڕێنرێن.

سەعدوڵڵا محەمەد حسین، مامۆستای کیمیا لە قوتابخانەی ئامادەیی (برایەتی) لە ناحیەی ڕزگاری، وتی: "ئەو کەسانەی کە دەبنە سەرپەرشتیار پێویستە ئاستی زانستیان زیاتر بێت، بۆ ئەوەی ئەو گرفتانەی کە دێنە ئاراوە بە باشی چارەی بکەن، چونکە سەرپەرشتیار پردی نێوان مامۆستا و پەروەردەیە، گرنگە ڕۆڵیان هەبێت لە سەردان کردنی ناوەندەکان ئەگەرچی ژمارەیان کەمە و پێویستە هەر (5) ناوەند و سەرپەرشتیارێکی هەبێت".

باسیلەوەشکرد: پرۆسەی خوێندن لاواز و سستە بۆیە لە نەبونی سەرپەرشتیاریش مامۆستایان دەکەوێتەوە ئەستۆی خۆیان کە چۆن بتوانن وانەیەکی باش پێشکەش بە خوێندکاران بکەن.

## 6. رای بەڕێوەبەرەکانی پەروەدە لە گەرمیان لە سەر ڕۆڵی سەرپەرشتیاران لە ناوەندەکان:

سەبارەت بە ڕۆڵ و گرنگیی سەرپەرشتیاران لە ناوەندەکانی خوێندن و ئەو کێشەو گرفتانەی کە ڕوبەرویان بوەتەوە بۆ سەردانکردنی ناوەندەکان و گەیاندنی پەیامیان و جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان، بەڕێوبەرانی پەروەردەی گەرمیان باس لە ئەرکی سەرپەرشتیاران دەکەن.

دارا ئەحمەد سەمین، بەرێوبەری گشتی پەروەدەی گەرمیان، سەبارەت بە ڕۆڵ و گرنگی سەرپەرشتیاران لە ناوەندەکانی خوێندن، دەڵێت: "سەرپەرشتیاران لە پەروەردە و ناوەندەکان ڕۆڵێکی سەرەکیە وەک وتراوە سەرپەرشتیار چاوی پەروەردەیە، واتا ئێمە ناتوانین چاومان لە هەمو ناوەندەکان بێت، بەڵام بە هۆی ئەوان ئەو بۆشاییەمان بۆ پڕ بوەتەوە چاوی ئێمە لە ناوەندەکانە، بەڵام بەهۆی بارودۆخی دارایی ئێمە ئەو قەیرانەمان توش بوە کە سەرپەرشتیاران ناتوان وەک پێویست سەردانی ناوەندەکان بکەن وەک پێویست بە ڕۆڵی خۆیان هەستن".

وتیشی: "لە ئێستادا ڕێنمایی تازە هاتوە بۆ سەردانکردنی سەرپەرشتیاران بۆ ناوەندەکان، تەنها دەتوانن سەردانی سەنتەری شار بکەن لە کاتی تاقیکردنەوەکان سەردانەکانیش بە لیژنەیە، بۆیە ڕۆڵی سەرپەرشتیاران لە ئێستادا زۆر بەر تەسک بوەتەوە، چونکە بە پێی پێویست ئیفادییان بۆ سەرف ناکرێت ئەوانیش ناتوانن وەک پێویست سەردان بکەن".

باسیلەوەشکرد: "ئەم لاوازی سەرپەرشتیاران بۆ ناوەندەکان لە سەردانکردنیان بەتایبەت لادێیەکان ڕەنگی داوەتەوە بەسەر پرۆسەی خوێندن ئەمەش وایکردوە ساردبونەوەیەک روبدات لەلای ئەوان، لەگەڵ ئەوەش ئێمە ژمارەی سەرپەرشتیارانمان کەمە لە ئامادەیی پێویستمان بە (36) دانە هەیە، لە بنەڕەتیش پێویستمان بە (12) دانە هەیە چاوەڕوانین بۆمان دابین بکەن".

قەیرانی دارایی وەزارەتی پەروەردەی ناچارکردوە کە فەرمانی کەمکردنەوەی سەردانی سەرپەرشتیاران کەبکاتەوە و تەنها لە کاتی تاقیکردنەوەکان سەردان بکەن و لە سەنتەری شارەکان بێت.

عەدالەت لەتیف عوبێد، بەڕێوبەری پەروەردەی کەلار، سەبارەت بە ڕۆڵی سەرپەرشتیاران، دەڵێت: "لە ساڵی 2014 بە فەرمانێک سەرپەرشتیاران سەردانی ناوەندەکانیان نەکردوە بە تایبەت ئەو دو ساڵەی کۆتایی بەهۆی دۆخی دارایی کوردستان، بەڵام ئەمساڵ لە وەرزی یەکەم و دوەم و کاتی تاقیکردنەوەکان و هەندێک حاڵەتی کتوپڕ ئەبوایە سەردان بکەن و کردوشیانە، بەڵام بەهۆی بایکۆتەوە ئەوانیش کارەکانیان وەستاوە".

وتیشی: "ئێمە سەرپەرشتیاری کارگێڕی و پەروەردەیمان هەیە، ئەوانەی کارگێرین پەیوەندیدارن بە لایەنی ئیداری ناوەندەکە و پەیوەندیان زیاتر بە بەڕێوەبەرەکانەوە هەیە، ئەوانەشی پەروەردەین ئامادەییەکان و بنەڕەتیەکان

دەگرێتە و بەپێی پسپۆری خۆیان رێنمای دەدەن بە مامۆستایان و سەردانی پۆلەکان دەکەن و سەیری مەنهەج دەکەن چۆن بەرێوە دەچێت، هەروەها مامۆستایان لە هەرکوێ پێویستیان بە هاوکاری هەبوبێت رێنماییان دەکەن لەگەڵ بونی هەر کەم و کورتییەک ئەمەیە ئەرک و رۆڵی سەرپەرشتیار لە ناوەندەکانی خوێندن".

باسیلەوەشکرد: "لەپاڵ ئەرکی سەرپەرشتیاران سیستەمێکی نوێ هاتوە لە وەزارەتەوە ئەویش (هاورێی رەخنەگر)ە کە بەشێکە لە کارەکانی سەرپەرشتیاران کە سەردانی ناوەندەکان دەکەن، بەڵام بۆ دەرەوەی شار بەدەر لە هەر حاڵەتێکی لە ناکاو ئیشوکار سەرپەرشتیاران سەردانیان نەکردوە بەدەر لەوانەی کە بە لیژنە رۆشتون، لەگەڵ ئەوەش ئەمساڵ سەردانیان کردوە و هەر کەموکورتیەک هەبوبێت لە ناوەندەکان، سەرپەرشتیاران بە راپۆرت پێشکەشی کردوین و بەدواداچون کراوە بۆی".

ئاماژەی بەوەشکرد: "یەکەی سەرپەرشتیاری کەلار سەرپەرشتی پەروەردەی کفری دەکەن بەهۆی ئەوەی یەکەکەیان هەڵپەسێردراوە، بەڵام بە مەرجەع سەر بە کەلارن، هەروەها پەروەردە هەموی تەواوکەری یەکترن لە بەینی کارگێری و یەکەی سەرپەرشتیاری و پەروەردە هەمو یەکن و دەوری ئیجابی خۆی هەیە و گرنگیان هەیە لە پرۆسەی خوێندن بە تایبەت سەرپەرشتیاران".

هەروەها سەبارەت بە رۆڵی سەرپەرشتیاران، ئیسماعیل سەمین، بەرێوبەری پەروەردەی کفری، دەڵێت: "ئێمە یەکەی سەرپەرشتیاریمان هەڵپەسێردراوە ئەوە بۆ ماوەی (4) ساڵ دەبێت ئیشی سەرپەرشتیاران لە (80%)ی راگیراوە یان هەر نەماوە، زۆر بە کەمی سەردانی ناوەندەکانی خوێندنیان کردوە بە هۆی دۆخی دارایی".

وتیشی: "پەروەردە بە بێ یەکەی سەرپەرشتیاری وەک خێزانێکی بێ دایک و باوک وایە لە نەبونیان ئەوەندە کاریگەری هەیە بەسەر ناوەندەکان، هەروەها هەڵسەنگاندن بۆ پرۆسەی پەروەردە و خوێندن دەکەن، لەگەڵ ئەوەش لە تەواوی کوردستان رۆڵی سەرپەرشتیاران کەم بوەتەوە، چونکە گەڕان و بەدواداچونی سەرپەرشتیاران بە ناوەندەکانی خوێندن پێویستی بە دارایی باش هەیە، کە نەبو سەرپەرشتیاران ناتوانن ئەو ئەرکەیان جێبەجێبکەن کە پێویستە ئەنجامی بدەن لە ناوەندەکانی خوێندن".

لە بەرامبەریشدا، عوسمان عەلی محەمەد، بەرێوبەری سەرپەرشتی کردنی پەروەردەی گەرمیان بە وەکالەت، سەبارەت بە رۆڵی سەرپەرشتیاران لە ناوەندەکانی خوێندن دا، دەڵێت: "بەرێوبەرایەتی سەرپەرشتی کردنی گەرمیان خۆی لە (4) یەکە دەبینێتەوە، یەکەی سەرپەرشتی کردنی ئامادەیی پیشەی گەرمیان و پەروەردەکانی کەلار و کفری و خانەقین لە قۆناغی بنەڕەتی، بەڵام ئەوەی کفری هەڵپەسێردراوە و خراوەتە سەر یەکەی کەلار، سەرپەرشتیارانیش

رۆڵیان هەبوە لە ناوەندەکان، بەڵام ئەم چەند ساڵەی دوای پێچەوانە بوەتەوە بە کاریگەری قەیرانی دارایی کاری کردوەتە چالاکییەکانیان و رۆڵیان کەمتر بوەتەوە لە سەردانکردنی ناوەندەکان".

وتیشی: "سەرپەرشتیاران رۆڵێکی کارا و چالاکیان هەبوە لە ناوەندەکان، چونکە خۆیان دەبیننەوە لە هاوکاری کردنی مامۆستایان بۆ باشترکردنی رەوشی پەروەردە، هەروەها کاتێکیش کە سەردان ناکەن ئەوا ئەو هاوکارییە و پشتگیرییەی مامۆستایان نامێنێت".

باسیلەوەشکرد: "ئێمە یەک یەکەی ئامادەییمان هەیە بۆ پەروەردەی گەرمیان ئەوانیش وەک پێویست سەردانی ناوەندەکانی خوێندنیان کردوە ئەگەرچی ژمارەیان کەمە، لەگەڵ ئەوەش سەردانی ناوەندەکانی دەرەوەی شاریشیان کردوە چ بنەڕەتییەکان چ ئامادەییەکان، بەڵام لە قەیرانی داراییەکەوە سەردانەکانیان کەمتر بوەتەوە بە تایبەت بۆ دەرەوەی شار.

## بەشی سێیەم: ڕاسپاردەکان

1. تائێستا ڕۆڵی سەرپەرشتیاران بە رونی لەلای مامۆستایان نازانرێت چیە، هەندێکیان بە چاودێری دەزانن، هەندێکی تر بە هەڵسەنگێنەر و هەندێکی تریش کارەکانیان وەک دەستێوەردان دەزانن، بۆیە گرنگە لەرێگەی نوسراو، یان نامیلکە، یاخود سیمینار و کۆبونەوەی گشتی و فراوان، ئەم ئەرکە رون بکرێتەوە.

2. زۆرجار بەدحاڵیبون لەنێوان مامۆستایان و سەرپەرشتیاران رودەدات، ئەمەش هۆکارەکەی ئەوەیە کە ئەرکی یەکتری بەباشیی نازانن و چیەتی ئەرکی سەرپەرشتیاریی رون نییە بە تەواوی.

3. رێژەی سەرپەرشتیاران لە سنوری گەرمیان زۆر کەمە بە بەراورد بەرێژەی قوتابخانەو مامۆستایان، هەندێک بابەتی زانستی و زمان، تەنها یەک بۆ 3 سەرپەرشتیاریان هەیە، کە ئەمەش وادەکات بە چەند ساڵێک جارێک مامۆستایەک سەرپەرشتیاری پسپۆڕیەکەی خۆی ببینێتەوە.

4. بڕیارەکان بۆ دەستنیشانکردنی ئەرک و کاری سەرپەرشتیاران لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە، زو زو دەگۆڕێن و جێگیر نین، ئەمەش وادەکات جۆرێک لە ئاڵۆزبون روبدات لەناوخۆی سەرپەرشتیاران و هەروەها لەلای بەڕێوەبەری قوتابخانەو مامۆستایانیش هەمان شت روبدات، بەشێوەیەک هەتاوەکو رادێن بە بڕیارێک، بڕیارێکی تر دەردەچێت.

5. کۆبونەوەی گشتی لەنێوان مامۆستایان و سەرپەرشتیارەکان و بەڕێوەبەری پەروەردەکاندا بونی نییە، کە ئەمە کەموکورتیەکی گەورەیەو گرنگە ناو بەناو ئەنجام بدرێت.

6. ئەگەر بڕیاربێت سەرپەرشتیاران چاودێر و هەڵسەنگێنەری کاری مامۆستایان بن، بەڵام کێ هەڵسەنگێنەری کاری سەرپەرشتیارانە؟ بۆیە پێویستە ئالیەتێک بدۆزرێتەوە کەلەرێگەیەوە مامۆستایانیش هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی سودبینینیان لە سەرپەرشتیارەکانیان بکەن.

7. ئەگەر بە کاریگەریی قەیرانی دارایی سەرپەرشتیاران نەتوانن بە بەردەوامی سەردانی ناوەندەکانی خوێندن بکەن، ئەوا دەتوانن کۆبونەوەی فراوان لەگەڵ مامۆستایان گرێبدەن، بەتایبەت لەکاتی بونی رێنمایی و رێکار و شێوازی گۆڕانکاریی لە پرۆگرام و وتنەوەی وانەکان.

8. ئەزمون بەس نیە بۆ سەرپەرشتیاران، بەڵکو لەگەڵیشیدا پێویستە سود لە راهێنان و خولی جیاواز ببینن، بەتایبەتی بۆ دەرەوەی وڵات، یان هێنانی راهێنەر و شارەزایانی دەرەوەی وڵات بۆ کوردستان، بۆ ئەوەی بەبەردەوامی سەرپەرشتیاران لەکارەکەیاندا بیرۆکەی نوێ وەربگرن و نوێ ببنەوە.

9. بەشێکی زۆری ئەو داوایەی سەرپەرشتیاران لە مامۆستایان هەیانە، رۆتینین و شتگەلێکن پەیوەندیان بە هەندێک لایەنی کارگێڕییەوە هەیە لەنمونەی ئامادەکردنی تێنوسی پلان و ... هتد، لەکاتێکدا ئەوەی مامۆستایان دەیانەوێت لە سەرپەرشتیارەکانیان، گەیاندنی بیرۆکەی نوێیە پێیان لەبارەی پسپۆڕێتیەکەیانەوە، هەروەها لەبارەی گەیاندنی وانەو شێوازەکانی وتنەوەی وانەکان.

10. ئەو جیاکاریەی لەزۆر بواردا لەنێو قوتابخانەکانی ناوەوەو دەرەوەی شار دەکرێت، حاڵەتێکی سلبی و خراپە، بەتایبەت کەلە سەردانی سەرپەرشتیارانیش دا هەمان کار دەکرێت، بۆیە پێویستە ئەو جیاکاریە نەهێڵرێت و سەرپەرشتیاران وەک یەک سەردانی قوتابخانەی گوند و ناوشارەکانیش بکەن.

11. ڕێژەی سەرپەرشتیار لە رەگەزی مێ زۆر کەمە بە بەراورد بە رەگەزی نێر، ئەم نا یەکسانیە لەروی رەگەزیەوە خاڵێکی بەرچاوە، کە پێویستە هەوڵ بۆ زیادکردنی ژمارەی سەرپەرشتیارانی ژن بدرێت، بەتایبەتی کە ڕێژەیەکی زۆر مامۆستا لە رەگەزی مێ لەناوەندەکانی خوێندن دا بونیان هەیە.

**ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:**

ئەحمەد حەمید وەلی، سەرپەرشتیاری یەکە

زریان محەمەد، دۆسیەی پەروەردە

ڕێناس ساڵەح، دۆسیەی تەندروستی

بۆ پەیوەندی:

07702303676– 07480207400

Radiodeng@yahoo.com

Radiodang.org

ناونیشانی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان لە وێبسایتی ڕادیۆی دەنگ:

http://radiodang.org/kod4it.aspx?kod4it=35